الفاتحـــــــ

رحم اللـــــــــــــــــــه لمن اعاد له الفاتحه ، دلنیام خۆی بوو ،

باســـــــــــکی زەردەخەنەی کردینـــــــــــــه مل و به ڕێی خستین !

له دوورەو ه که ئاوڕمان له مزگەوتەکه دایەوه ، تاته شۆرەکه نەمابوو ..

هەرکـــــــــــــــــــــــــــه خۆشمان یەکه یەکه ســـــــــــــەرژمێرکـــــــــرد بوبووین به ده !!

پشـــــــوو

ددانەکانم هێندێکیان

پیری شەهیدی کردن

هێندێکیان بەندیخانه

هێندێکیشیان براکوژی

خەنجەرو تاقمه دانەکەم دەخەمه ژێر سەرینه سەرنەدیوەکەم

لەبەر دەمی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان

لەبەر چاوی هەموو درەختەکانی ئاوایی

لەگەڵ ژنه بسک سپییه روو سوورەکەم

جووت دەبم

یادی یەکیم شەو دەکەمەوه

یەکەم شەوی وێ رشتن

یەکەم شەوی زاوایی !!